کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 0:04 4-6-2007

# یەکێتی لەنێوان بانگەشەو دروشم و پراکتیکدا ... محەمەد قەرەداخی

32 ساڵ تێپەری بەسەر دامەزراندنی (ی. ن. ك) داو گۆرانکاریەکی ئەوتۆ بەدی ناکرێت لە بانگەشە و دروشمەکاندا، کە ببێتە فاکتەر و بنیادنەری کۆمەڵگەیەکی سەردەمخوازانەودامەزراندنی سیستمێکی سیاسی کە مێژووی شۆرشەکان و رەنج و قوربانیدانی لایەنە سیاسیەکانی کوردستان لەبەرچاو بگرێت و بەهاو پیرۆزییەکان بپارێزێت.
6/1 کە رۆژی جیهانی منالانەو هاوکاتە لەگەڵ دامەزراندنی (ی. ن. ك) پیرۆزبایی لەسەرجەم منالە خێرلەخۆنەدیوەکانی ولاتەکەم دەکەم و بەپێویستی دەزانم قسەیەکی کەم لەسەر ئەو پەیامە پر جۆش و خرۆشەی (فەرهاد سەنگاوی) بکەم لەم یادی (یەکێتی) دا کە لەوتارێکی سالانی 1983 دەچوو. گرنگی ئەم پەیامە لەم سەردەمەدا بۆ راگەیاندنی یەکێتی چەند کاریگەرە، ئەوە گرنگە کە بەشرۆڤەیەکی دروست و سیاسیانە، جگەلە گێرانەوەی عەقڵی سیاسی یەکێتی بۆ سەردەمی شاخ و ناکۆکیەکان، هیچ خزمەتێك نە بەدۆزی گەلی کوردو خودی (یەکێتی) یش ناکات.
ئێمەی کورد لەم قۆناغەدا دەبێت ئەوە بزانین کە پابەندبونمان بە عەقڵی سیاسی نوێ ویەکریزی لایەنە سیاسیەکان زامنی ئامانجە سیاسیەکانی گەلی کوردە. ئەم وتارە تا چەند دەتوانێت کۆنتاکت دروست بکات لەنێوان (رابردو، ئێستا، ئایندە) و هەروەها لایەنە سیاسیەکان، ئەمە گرنگی و تایبەتمەندی خۆی هەیە، لە هەڵسەنگاندن و شرۆڤەدا، چونکە ئەو گوشارە سیاسیەی لەسەر مەسەلەی کوردە لەهەموو رویەکەوە هێندە پێویستی بە تەبایی و یەکریزی هەیە تەواوی بەرژەوەندیە سیاسیەکانی حزب بەکاربهێنرێت بۆ کێشەی رەوای کورد، هەرنەبێت تا جێبەجێکردنی ماددەی 140.
لەلایەکی ترەوە ئەو دنیای پێشکەوتن و دبلۆماسیەتە، هەرگیز جۆرە پەیامێك لەو شێوە قبوڵ ناکات، تازمانی گفتوگۆ و لێك گەیشتن هەبێت. بەلام ئەوەی لەفەرهەنگی سیاسی یەکێتیدا بەدیدەکرێت بەردەوام لەکاتی پێویست و قەیرانەکاندا هەندێك جار بەشێوازی جۆراوجۆر مامەڵە لەگەڵ خۆی و دەوروبەردەکات. بۆ نمونە کاتی هەڵبژاردنەکان کوردستان دەکەن بە بەهەشتێك کە وێنەی نەبێت لەدنیادا تا ئەو رادەی زانکۆ لە سیتەك دەکاتەوە، یاخود هەوڵی دروستکردنی کارگەی پالاوتنی ئالتون دەدات. کاتی کۆنگرەو کۆنفرانسەکانی، سۆسیال دیموکراتێکە بەردەوام ریفۆرم و نوێ بونەوە لەخۆ دەگرێت، زۆر شتی تریش کە ئەگەر بەرجەستەبکرێت ئەوا لەوانەیە خەڵکانێکی زۆر پێنج فەرزە نوێژی بۆبکەن.
قسەکردن لەسەر قەیرانەکانی ناوخۆدی یەکێتنی هێندە پەیوەندی بە جەماوەرو خەڵکی کوردستانەوە هەیە، کە بەشێکن لە قەوارەی سیاسی و مانەوەیان بەشێوەی ئەکتیڤ و ئەرێی دەتوانن هاوبەش بن لە راگرتنی ئاستەنگی سیاسیدا. هەر لەبەر ئەوەشە من لەدەرەوەی کاری سیاسی خۆم، زۆرجار ترس دامدەگرێت بە باسی ئەو قەیران و گرفتی تەکەتول و ناتەباییەی ناو یەکێتی لە رۆژنامە و سایتەکانەوە دەبینم. چونکە من تەبایی و یەك هەڵوێستی نێوان دوو هاورێ لەسەر یەك بیروباوەر، بەکارێکی دروست دەزانم کە دەتوانرێت خزمەتێکی پێ بکرێت بە دۆزی رەوای کورد. چ جای تەبایی ناو ریزەکانی حزبێك یاخود نێوان لایەنە سیاسیەکان.
سەردەمی ناکۆکی و دوبەرەکی بەسەرچوو، لەگەڵ ئەو رۆژانەی کە بەپلانی ناحەزان و دوژمنانی کورد بوبوینە خۆرە بۆ گیانی یەکتر. کێشەو ململانێی زیاتر لە 40 ساڵی لەمەوبەر جگەلە زیان چ خزمەتێکی

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بلاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

بەکێشەی رەوای کورد کرد، دواتر دوای هەموو ناکۆکیەکیش پەنا براوەتەوە بەر لێبوردن و ئاشتی، کە بەردەوام ئەم پرۆسەیە لایەنی کەم چەند هەنگاوێك کێشەی کوردی پێش خستووە.

بەڕەوای دەزانم کە ئەگەر بپرسم کەی دایکان کۆرپەکانی بۆ شەری براکوژی و خۆخۆری گۆش کرد؟ لەکاتێکا سالآنێکی زۆرمان بە تیژکردنی چەقۆ بۆ گەردنی یەکتر بەرێکرد. بۆ وەڵامی پەیامێك لەوشێوە قسەوباسی زۆر هەڵدەگرێت، نەك ئەوەی تەنها پەیوەندی بەخودی یەکێتیەوە هەبێت بەڵکو پەیوەندی بە مەسەلەی کورد و سەرجەم لایەنە سیاسیەکانەوە هەیە لەگەڵ قۆناغی شۆرشەکانی پێش سەردەمی بیستەمیش. هەر لە شۆرشی شێخ عوبەیدولآی نەهری 1880 و شێخ عەبدولسەلام بارزانی 1916 و شۆرشی ئیسماعیل ئاغای سمکۆ (سمکۆی شکاك 1921) و شۆرشی شێخ عەبدولقادری شەمزینی و شێخ سەعیدی پیران 1924 و شۆرشی شێخ محمودی نەمر، تا راپەرینەکانی بارزان 1943 و راپەرینی مهاباد کەلەلایەن (ژ.ك) وە رێك خرا و کۆماری مهابادی لێدروست بوو، دامەزراندنی (پ.د.ك) لە ساڵی 1946 دا تاساڵی 1975 کە یەکێتی بە هەرەس و ئاشبەتاڵ ناوی دەبات و کردویەتی بەخاڵێکی لاواز لەبەرامبەر پارتیدا و هەر لەسەرەتای دروستبونیەوە دژایەتی پارتی پێ رەوابینیوە. تا ئەو رادەی بەرپرسێکی بالآی ناو یەکێتی (کۆمەڵە) لە شاخ ئەدوێت بۆ پێشمەرگەکان پێیان دەڵێت: (ئەگەر تاکە گوللەیەکتان پێما پشت لەبەعس بکەن وبەرەو رووی چەکدارەکانی قیادەی موەقەتە بیتەقێنن، ئێمە و بەعس یەك سەنگەری دوو رووین دژی بنەماڵە).

بەوەی کە هێند شانازی بە قەێیدەیەکەوە (من یەکێتی نیشتمانم) بکات کە مێژووی نەتەوەیەك پێش دامەزراندنی یەکێتی رادەگرێت، وەك ئەوەی پێش دامەزراندنی یەکێتی (1976) هیچ نەکرابێت و دوای ئەو مێژووەش تەنها یەکێتی هەبوە. دەڵێت (لەناوتۆزو گلانی ئەسپی ئەیولدا لەدایك بووم، خۆم و هەرخۆم، ... هتد) لەوانەیە لەسەردەمێکدا ئەمە رەئی کادرێکی یەکێتی بێت، کە لەچاویکەیەکەوە دنیابینی هەبێت بۆ مەسەلەی کورد. بەلآم هەموو ئەوە دەزانین پێش کارەساتی 1975 زۆرینەی بەرپرسانی یەکێتی بە بەرێز (مام جەلال) یشەوە لەژێر ئەو ئالآیەدا خەباتیان دەکرد کە بارزانی نەمر رابەرایەتی دەکرد؟... وەلآمی دوای ئەو مێژوەش بە جێدێڵم بۆ ئەو حزبانەی کە لەگۆرەپانەکەدا بون و جارجارەش دەکەوتنە بەر (گورزی گورچك بڕ) . بەڵام دڵنیابن لەم قۆناغەدا کورد بەرگەی کەمترین ململانێی ناوخۆ ناگرێت، مێژووی شۆرش و لایەنە سیاسیەکانی ناوبەرەی کوردستانیش تۆمار کراوە. هەر لایەنێکیش هەنگاوێکی زیاتری نابێت و ئەو سالآنەی کە ئێوە باسی دەکەن، راپەرین و روخانی دەسەلآتی دیکتاتۆرو تا هەنوکەش جەماوەر لێی بێئاگانیە. وە ئێوەش و لایەنەکانی تریش دەبێت خۆتان بەقەرزداری جەماوەر بزانن کە بەم هەموو نەهامەتیەوە چاویان بریوەتە ئێوەو چەپڵەتان بۆ لێدەدەن.

لە کۆتاییدا دەڵێم سەردەمی ئەوجۆرە حەماسییەتە بەسەرچوە جەماوەر لەخەمی چارەنوس وژیانێکی شکۆمەندانەیە، ئێوەش لەخەمی رازیکردنی بێگانەو بەرزکردنەوەی کۆشك وتەلارەکاندان. گەر دەتانەوێت یەکێتی بناسرێت ئەوا باشترین زەمینە لەبارە تائەوەی بەپێوەرە دیموکراسیەکان و مافی رەوای گەلی کورددا بتان ناسینەوە نەك بەجۆش و خرۆش و شیعرو وتاری حەماسی، با بە هەڵوێستی نیشتمانی و نەتەوەیی و گیانی یەکتر قبوڵ کردن و پرۆژەی سەربەخۆیی و لەخۆبردەیی و خزمەتی جەماوەر بتان ناسنەوە.

با کاك فەرهاد سەنگاویش شیعرەکانی (نالی، مەحوی، سالم، پیرەمێرد، بێکەس و.... هتد) تۆمار بکات و بیکاتە دیاری عاشقانی ئەو نیشتمانە ی کەخۆتان بەخاوەنی دەزانن.

2007/6/2

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.